بەناوى خواى بەخشندە و ميهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢٢ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**بڕیاری ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠٠٨**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٢) لە ١٥ /٢٠٠٨/٩ بریارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٨

**یەکەم:** رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ رۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەیە لەلایەن رژێمی دیکتاتۆری لە ناو چوو.

**دووەم:** رۆژی کۆچی دوایی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦و دواترە، هەریەك بەپێی بەڵگەنامەی کۆچی دوایی، نەك لە ١٩٨٨/٣/١٣ هەروەك رژێمی لە ناوچوو هەوڵی داوە بێچەسپێنێت.

**سێیەم:** حوکمەکانی ئەم بڕیارە لەسەر هەموو مامەڵەکانی پێش بەرکاربوونی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت.

**چوارەم:** دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**پێنجەم:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم بڕیارە.

**شەشەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

ئەم بریارە لە٣ی رەزبەری ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر٢٥ی رەمەزانی ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٢٥ی ئەیلولی ٢٠٠٨ی زایینی لە هەولێر دەرچووە .